

## ئەنوەر سندی:
# زەحمەتە بتوانرێ داستانێکی کوردی بکرێتە فیلمی سینەمایی



یەکێك لەو سینەماکارە کوردانەی کە ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی ئەو هونەرەیە و تا ئێستا لە چەندین کاری سینەماییدا بەشداری کردووە ئەنوەر سندی - یە، دەربارەی ئێستای سینەمای کوردی دەڵێت: رەنگە هەندێك کەس گلەیی و تێبینییان لەسەر بارودۆخی ئێستای سینەما هەبێت و بڵێن بۆچی سینەماکارانی کورد تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە کارەسات و مەینەتییەکانمان بۆ زیندوو بکەنەوە و بیکەن بە فیلم، بەڵام بەڕای من ئەمە کارێکی ئاساییە، چونکە میللەتی کورد بە گشتی بە سینەماکارانیشەوە یان ئەوانەی گرنگیی بە سینەما دەدەن بەشێکی ژیانیان مەینەتی و تراژیدیا بووە، لە نێو تۆپ و فڕۆکە و جەنگ گەورە بوون یان لە دایکبوون، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ژیانیان هەبووە و ئەم کاریگەرییەش بەردەوام دەبێت و بە ئاسانی ناتوانن دەستبەرداری بن، بۆیە دەبینین کارەسات و شەڕ و ئەنفال و کیمیا باران لە کارەکانیاندا رەنگی داوەتەوە و زیاتر حەز لەو جۆرە سینەمایە دەکەن، من وای دەبینم نەوەی داهاتووی کورد ئەم جۆرە سینەمایەیان بە دڵ نەبێت یان پێی رازی نەبن و داوای شتی نوێ بکەن، ئێمەش وەك سینەماکار پێویستە ئەمە لەبەرچاو بگرین و گرنگی پێ بدەین، چونکە ئێستا ئەو سەردەمە بەسەر چووە.

ئەنوەر سندی هەروەها دەڵێت: وەك کورد ناکرێ ئەم هەموو کارەساتە لە بیر کەین، بەڵام ئێستا رەنگە ئەمانە بۆ رۆمان یان چیرۆك زیاتر بگونجێت لەوەی وەك فیلمێك پێشکەش بکرێت، هەروەها

# مەرجەکانی مەلەک بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنـــــــــ

مەلەك رۆژهات کچێکی خاوەن دەنگێکی خۆش و سەلیقەیەکی هونەرییە، لە شاری (وان)ی باکووری کوردستان لە دایکبووە و هەر لەوێش دەستی بە کاری هونەری کردووە، سەرەتا وانەی قورئانی بە چەند قوتابییەك وتووە، کاتێك مەلەك رووی لە باشووری کوردستان کرد زیاتر وەك هونەرمەند دەرکەوت و جگە لە بەشداری کردنی لە ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان چەندین کلیپ و بەرهەمی تایبەت بە خۆی بڵاوکردەوە و توانا و بەهرە هونەرییەکانی زیاتر دەرکەوتن و لە لایەن جەماوەریشەوە زیاتر ناسرا.

مەلەك یەکێکە لەو کچە هونەرمەندانەی کە گرنگییەکی زۆر بە پاراستنی رەسەنایەتیی هونەری کوردی دەدات و ئەو بەرهەمانەی تا ئێستا پێشکەشی کردوون گەواهیدەری ئەو راستیەن، هەر بۆیەش لە ئاهەنگەکاندا زیاتر کاری رەسەن و فۆلکلۆری کوردی پێشکەش دەکات، مەلەك سەبارەت بە مەرجەکانی بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکان دەڵێت: من بەشداریی لە ئاهەنگەکاندا دەکەمن بەڵام بەر لەوەی بەشداری بکەم چەند مەرجێکم هەیە پێویستە لەبەر چاو بگیرێت بۆ نموونە دەبێ ئاهەنگەکان زیاتر تامی فۆلکلۆری کوردی هەبێت و کارێکی رەسەن پێشکەش بکەم کە ببێتە هۆی پێشخستنی هونەری کوردی، هەروەها دەبێ ئاهەنگەکان دوور نەبن لە دابونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری، لایەنی ماددی ئەوەندە گرنگ نییە بەلای منەوە ئەوەندەی کە لە ئاهەنگەکە مورتاح بم و نەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی پەشیمان ببمەوە لە بەشداری کردنم.

بەر لەوەی مەلەك روو لە هونەر و گۆرانی بکات مامۆستای قورئان خوێندن بوو، ئەمەش تا رادەیەك رەنگە گرفتەکانی بەردەمی زیاتر کردبێت وەك ئافرەتێك، لەم بارەیەوە مەلەك دەڵێت: بێگومان هەموو ئافرەتێکی کورد کە رووی لە هونەر کردبێت گرفتی بۆ دروستبوو، منیش یەکێکم لەوانە و بەلامەوە شتێکی ئاسایی بووە، چونکە سەرەتا خانەوادەکەم رێگایان پێ نەدام گۆرانیی بڵێم، بەڵام دواتر کە بۆیان دەرکەوت خاوەن بەهرەیەکی هونەریم و دەتوانم لەو بوارەدا سەرکەوتوو بم رازی بوون، ئینجا دایك و باوکیشم رێگایان پێدام کە گۆرانی بڵێم و هەر پاڵپشتی و هاوکاریی ئەوانە بوو کە وایان کردم من بگەم بەو ئاستەی ئێستا، پێویستە هونەرمەند بەر لە هەر شتێك کەسایەتیی خۆی بپارێزێت ئەو کاتە جەماوەر بەچاوی رێزەوە سەیری دەکات واتە رێز لە هونەرمەندەکە دەگرێت وەك کەس و وەك هونەرمەند.

سەبارەت بە لاسایی کردنەوەی هونەرمەندان مەلەك دەڵێت: لە گۆرانیدا هەمیشە هەوڵمداوە ستایل و شێوازی تایبەتی خۆم هەبێت و ئەو شتە پێشکەش بکەم کە خۆم حەزم لێیەتی دوور لە کاریگەریی هیچ کەسێك. من لاسایی کەسم نەکردۆتەوە و ویستوومە شتی نوێ پێشکەش بکەم .



لەرووی تەکنۆلۆژیاشـــەوە ڕەنگە نەگەیشتبینە ئەو ئاستەی یان ئەو تەکنۆلۆژیایەمان دەســـت نەکەوێت کە تراژیدیا و کارەسات و داستانە نەمرەکانمان لە ڕێگای فیلمێکی سینەماییەوە زیندوویان بکەینـــەوە، بۆ نموونە زەحمەتە بتوانین فڕۆکە و کۆپتەر و تانك و چەکی گەورە لە فیلمێکی سینەمایی کوردیدا بەکار بهێنین لەو سەردەمەی ئێســـتاماندا، ڕەنگە لە داهاتوودا ئەمە بکرێ، بەڵام لە ئێســـتادا ناکرێ، هەروەها لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە دەرهێنەر ناتوانێت داستانێکی خۆشەویستیی کوردی پێشکەش بە جەماوەر بکات بەو شـــێوەیەی کە خۆی دەیەوێت یان پێویستە بکرێت، لەم ڕووەوەش ڕێگـــری زۆر هەیە ئەمانـــە هەموویان دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی کە نەتوانرێ کارەســـات یان داستانێکی مێژوویی کوردی بکرێتە فیلمێك و پێشکەش بە جەماوەر بکرێت ئەگەرچی ڕەنگە زۆر پێویستیش بێت.

سندی سەبارەت بە کاریگەریی سینەمای بیانی بەسەر سینەمای کوردییـــەوە و ئایا لایەنی ســـلبی یان ئیجابـــی زیاترە گوتی: پێیوایە ســـینەمای دەوروبەر کاریگەرییەکی زۆر سلبی کردۆتە ســـەر ســـینەمای کوردی و بووەتە هۆکارێك بۆ پێش نەکەوتنی ســـینەمای کوردی، ئەنوەر ســـندی لەم بارەیـــەوە دەڵێ: ئەگەر باســـی سینەمای وڵاتانی دەروووبەر بکەین بۆ نموونە سینەمای ئێرانی دەبینین ســـینەمایەکە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە کـــە ناتوانێت لێی دەرباز بێت و جـــۆرە داخرانێکی پێوە دیارە کە بە ئاســـانی هەستی پێدەکرێت، ســـینەمای ئێرانی زیاتر جەخت لەســـەر دیاردە و کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە و وەك خۆی پێشکەشـــی دەکات بەتایبەتی ئافرەت و منـــداڵ، لەبەر ئەوەی بەشێکی ســـینەماکارانی کورد کاریگەری ئێرانیان بەسەرەوەیە تا رادەیـــەك لە کارەکانی ئەوانیش ئەمە بە دی دەکرێت، ئەمە تەنیا لە ســـینەمای کوردیدا نییە، بەڵکو لە ســـینەمای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بە گشـــتی و ناوچەی دەوروبـــەری ئێمە بە تەواوی دیارە و هەستی پێدەکرێت، بۆیە ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناغەی کە بڵێین سینەماکەمان گەیشتووەتە ئاستی سینەمای جیهانی.

بۆ چارەســـەر کردنی ئەم کێشە ئەنوەر سندی وای بۆ دەچێت کە نەبوونی ســـیناریۆی باش بەشێکی سەرەکی گرفتەکەیە و دەڵێ: یەکێك لە بەشـــە هەرە سەرەکییەکانی سینەما بریتییە لە سیناریۆ هەر ســـینەمایەك ســـیناریۆکەی باش بوو ئەوا بە سینەمایەکی سەرکەوتوو وەسف دەکرێ، ئێمە سیناریۆ نووسی باشمان لە سینەما نییە ئەوانەی کە ســـیناریۆ دەنووســـنەوە یان چیرۆك نووس یان ڕۆماننووسن، بۆیە پێویستە سیناریۆ بکرێتـــە بەشـــێکی گرنگ لە خوێندنی بەشی سینەما.

## ـــــــگەکاندا چین؟





# جۆنی دیب دەیەوێ ڕۆڵی ئافرەت ببینێت

ئەستێرەی سینەمایی جۆنی دیپ رایگەیاند خەون بەوەوە دەبینێت ڕۆڵی ئافرەتێك ببینێت لە فیلمێکی درامی درێژ، بەڵام نابی ڕۆڵی ئافرەتێکی ئاسایی بێت.

دیپ ئەوەشی ئاشکرا کرد کە دەیەوێ ڕۆڵی کەسایەتی ئەکتەر و گۆرانیبێژی ئەمریکی و جیهانی کارۆل تشینینگ ی ئەستێرەی شانۆ لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا ببینێت، لە میانەی بەرنامەی (ازا لون رینگرلایف) کاتێك یەکێك لە ئامادەبووان پرسیاری ئەوەی لە جۆن کرد گوایە حەز لە بینینی چ ڕۆڵێك دەکات، جۆن بەبێ دوودڵی وتی: خەون بەوەوە دەبینم ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕۆڵی کارۆل تشینینگ ببینم کە ئێستا تەمەنی ٩٢ ساڵە، چونکە کاتێك من منداڵیش بووم خۆم بە شێوەی ئەو ئافرەتە دەپۆشی و زۆریش سەرسام بووم بە کارەکانی. شایەنی باسە کارۆل ئەستێرەی شانۆی برۆدوای بوو و لە چەندین فیلم و زنجیرەدا ڕۆڵی بینیوە و چەندین خەڵاتی جیهانیشی بەدەستهێناوە، لە هەمان کاتدا پاڵێوراو بوو بۆ خەڵاتی ئۆسکار.



# نیکۆڵ: ئافرەت هێڵی سوورە

گۆرانیبێژ و ئەکتەری سەرنجڕاکێشی لوبنانی نیکۆڵ سابا دووپاتی کردەوە کە جورئەت لای ئەو تەنیا خۆ ڕووتکردنەوە و شکاندنی دابونەریتە باوەکان نییە، چونکە مۆدە و شتی نوێش سنووری تایبەت و دیاریکراوی خۆی هەیە.

نیکۆڵ ئەوەشی ڕاگەیاند کە جلوبەرگی کراوە لەگەڵ خۆی ناگونجێن، هەروەها زۆریش حەز لە ڕەنگە زەق و بەرچاوەکان ناکات و هەمیشە بیر لە پۆشینی جلوبەرگی جوان و ڕێك دەکاتەوە، نیکۆڵ لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا دەربارەی دیاردەی دەستدرێژیی کردنە سەر ئافرەتان وتی: پەیامی من بۆ هەموو ئەو کەسانەی بیر لەم شتە دەکەنەوە ئەوەیە کە جەستەی ئافرەت هێڵی سوورە ناکرێ دەستدرێژیی بکرێتە سەری تەنانەت سەیریشی بکرێت!!

# شاکیرا پێویستی بە مۆڵەتی دایکایەتییە

دوای ئەوەی شاکیرا بوو بە دایك، ژیانی جارانی نەما و پێویستی بەوە هەیە کاتێکی زیاتر بۆ پەروەردە کردنی کۆرپەکەی تەرخان بکات نەك تەنیا گۆرانی و ئاهەنگ و بە گوێرەی قسەکانی خۆی ئێستا ژیان وەك جاران ئاسان نییە.

لەم بارەیەوە شاکیرا وتی:باوەڕم نەدەکرد کە منداڵ پێویستیی بەم هەموو خزمەتە و ئەو بڕە زۆری حەفازە دەبێت، کەس پێشتر ئەم شتانەی بۆم ڕوون نەکردۆتەوە، هەموو پێیان دەگوتم پەروەردە کردنی منداڵ کارێکی خۆش و ئاسانە، بەڵام کەس پێی نەوتم ئەم هەموو وزە و توانا و کاتەی پێویستە بۆ پەروەردە کردن و گرنگی پێدانی.

شاکیرا زیاتر وتی : پەروەردە کردنی منداڵ بۆ من تا رادەیەك جیاوازترە لە ئافرەتانی ئاسایی، چونکە من ئەرکێکم لەسەر شانە پێویستە جێبەجێی بکەم، من وەکو ئافرەتان مۆڵەتی دایکایەتیم وەرنەگرتووە بۆیە هەست دەکەم ئێستا ئەم مۆڵەتە بۆ من زۆر زۆر پێویستە، هەرچەندە پێکێ لە هەموو شتێکی تایبەت بە پەروەردە کردنی زۆر یارمەتیم دەدات ئەمەش بەشێکی لەبارم سووك کردووە.





# سیرین دڵی جەماوەرەكەی ناشكێنێت

خانمە ئەكتەر و گۆرانیبێژی لوبنانی سیرین عەبدولنور رایگەیاند كە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو گۆرانییانە هەڵبژێرێت كە لەلایەن جەماوەرەوە ویستراوبن و لە رووی تێكست و ئاوازەوە سەركەوتوو بن و بە زیندوویی بمێننەوە.

سیرین ئەوەشی ئاشكرا كرد كە لە پاڵ ئاواز و تێكستی سەركەوتوو هەوڵ دەدات بە باشترین شێوە ئەدای بكات، هەروەها ئەو گۆرانییانە هەڵدەبژێرێت كە لەگەڵ دەنگی ئەودا گونجاو بن و جەماوەر خۆشی بوێن، چونكە بە قسەی سیرین ئێستا سەردەمی گۆرانیی خێرایە كە جەماوەر دەیەوێ، ئەمەش نیشانەی ئەوە نییە كە گۆرانیی رەسەن باوی نەماوە بەڵكو گۆرانیی رەسەن زیندوو بە تێپەڕبوونی كات و هەمیشە لە نوێبوونەوەدا بووە نەكە وەك ئەوەی هەندێك كەس دەڵێن مردووە یان باوی نەماوە، سیرین لە دیمانەیەكی رۆژنامەنووسیدا ئەوەی دووپات كردەوە كە ئێستا سەردەمی گۆرانیی تاك و كلیپی جوان و سەرنجڕاكێشە بەتایبەتی كە كاری كۆمپانیاكان تەنیا دابەشكردنە نەك بەرهەمهێنان و بازاڕی گۆرانی وەك جاران باوی نەماوە و داهاتەكانیشی وەكو پێویست نین و دوای ئەوەی هونەرمەند خۆی ماندوو دەكات بۆ تۆمار كردنی ٨-٩ گۆرانی تەنیا ٢-٣ گۆرانی رەواجیان دەبێت و دەناسرێن واتە تەنیا ئەوانەی كلیپیان بۆ دەكرێت.

ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# زانکۆ

(٣)



ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

**سەیر لەوەدابوو، مزگەوتێ لێمانەوە نزیک بوو، مەلایەکی هەولێری وتاربێژ و پێشنوێژی بوو، سەراپای وتاری هەینی هەر هێرش بوو بۆ سەر کۆمۆنیست، وەک ئەوەی بەتایبەت شەڕ بە (د.موکەرەم) بفرۆشێ**

**ماوەیەکی کورت تیادا رامام، پاشان لەمەبەستەکەی گەیشتم و، زانیم کارێکی گرانم لە ئەستۆدایە، دەبێ لەمەودوا بە وردی سەرنجی هەموو شتێک بدەم، دەست بە وانەخوێندن کرا، دەبوو رۆژانە بینراوی شانۆیی ئامادە بکەم**

یەکـــەم رۆژی دەســـتپێکردنی خوێندنمان بوو، هـــەر بەیانی زوو خـــۆم رێك و پێك کرد، لەو تەمەنەشـــدا گەنجێکی قیت و قۆزبووم و خاوەنی جەســـتە و لـــەش و لارێکی وەرزشـــوانانە بووم، قاتێکی جوان دوراوی کاکە (حەمە عەلی مەدهۆش)ی شـــاعیری دڵتەڕ و مقەســـت زێڕینم لەبەر کرد و زوو زوو، لە ئاوێنە بێ چوارچێوەکەدا لەخـــۆم دەڕوانی، کورد واتەنی:( دەتگـــوت کچەجافم بۆ دابەزیوە و چاوەڕوانی کەژاوەیم)، ئەو شـــەش حەوت بـــرادەرەی کە پێکەوە بووین لـــە خانووەکەدا، بە دەنگە دەنگ هەموویانم بە ئاگاهێنا، لە پێشـــەوە کاك (ئەکرەم ئەحمەد و کاکە عوســـمان)، ئەوسا ئەو پێنج بـــرادەرە کەرکووکییەی دیکە، هەر یەکـــە و لە کۆلێجێ دەیخوێند، هەمووشیان ســـاڵێك لە پێش منەوە بوون، خانووەکەمان لە گەڕەکی (وەزیرییە) بوو،بەرامبەر کارخانەی (لۆکەی پزیشکی) و کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی بەغداد، نزیك ماڵی (د. موکەڕەم تاڵەبانی)، سەیر لەوەدابوو، مزگەوتێ لێمانەوە نزیك بوو، مەلایەکی هەولێری وتاربێژ و پێشنوێژی بوو، سەراپای وتاری هەینی هەر هێرش بوو بۆ سەر کۆمۆنیست، وەك ئەوەی بەتایبەت شەڕ بە (د.موکەرەم) بفرۆشێت، خانووەکەمان گەورەبوو حەوشەکەی پڕبوو لە دارخورما و دار پرتەقاڵ و(نەبووك) ، هەیوانێکی ( ٤م X٨م) بەســـەر حەوشەکەیدا دەیڕوانی، کە بووە باشترین شانۆ بۆ مەشقکردنی ئێوارە وەختانم.

ئەو برادەرانەشم لە خوێندن کردبوو، چونکە ئەو ماوەی مەشقکردنم دەبوونە بینەرم، بەرە بەرە وای لێهات میوانیشـــیان دەهات و بینەرانم لە زیادبووندابوو.

بـــە هەر حاڵ خـــوا حافیزیم لێ کردن و گـــورج و گۆڵانە، هەر دەتگوت(ســـێ باز) دەکەم، پێش هەمووان خۆم کرد بە (ئاکادیمیا) کەمانـــداو، بەرە بەرە قوتابییەکان هاتن و وادەی چوونە پۆلەوە هات و، مامۆســـتا خۆی کرد بە ژوورا، بەڵام هێشتا هەر چۆن قوتابی ئامادەیی بوویـــن بەری نەدابووین، هەمان هەڵســـوکەوتمان دەکرد، مامۆســـتا باڵا ناوەنجییەکی قەڵەو بوو، سەرەتا یەك یەك سەرنجی داین پاشـــان لە یەکە بە یەکەمانی پرسی: ناوت چییە ؟ لە کوێوە هاتوویت؟ بۆ ئەم بەشـــەت هەڵبژاردووە ؟ پێشتر چالاکی شانۆییت کردووە ؟

کەوتە باســـی مەزنیی شانۆکار، هەموو جەستەم کردبووە گوێ و چاوم بڕیبووە چاوە بچکۆلەکانی کە هێندەی نەمابوو پێڵۆەکانی بە تەواوی دایانپۆشـــێت، لەســـەرخۆ کەوتە ئاخافتن: ئێوە پیشەیەکتان هەڵبژاردووە، لە پیشـــەمەندانی دیکە ناچێت، پزیشـــك، ئەندازیار، چێشـــتەر، پۆلیس،حەمـــاڵ، پارێـــزەر. هەتا هەن بەو پیشـــەیەوە پەیوەســـتن، راســـتە پلەی کاریان لـــە تەك رۆژانـــی خزمەتیاندا هەڵدەکشـــێت، بەڵام ژیانیان هەر تەرخانی ئـــەو کارەیە، کە دەبێتە مۆرکی کەســـایەتییەکەیان، بەڵام ئێوە وانابن و وانین، وا پێویســـت دەکات ببیتە وەزیر، پاشـــا، گەدا، سواڵکەر، ئیمپراتۆر، قازی، دز، پیاوکوژ، رابەر، دەوڵەمەند.. ماوەیەکی کورت تیادا رامام، پاشـــان لەمەبەســـتەکەی گەیشـــتم و، زانیم کارێکی گرانم لە ئەستۆدایە، دەبێ لەمەودوا بە وردی ســـەرنجی هەموو شـــتێك بدەم، دەست بە وانەخوێنـــدن کرا، دەبـــوو رۆژانە بینراوی شـــانۆیی ئامادە بکەم، بـــەڵام ئەوەی گرفت بوو، بەتایبەت بۆ ئێمەی کوردی ســـلێمانی، فۆنەتێك بـــوو، چەندین پیتی پوخت عەرەبـــی هەبوون، ئێمە هەر بـــە کوردییەکە دەمان وتن، بۆ ئـــەوەی ئەوانی دیکە گاڵتەمان پێ نەکەن، بە ماوەیەکی کورت بەسەر ئەو لایەنەدا زاڵبووم، رۆژانە پاش کاتی (ئەکادیمیە) چەندەها کاتژمێرم لە کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆ بەســـەر دەبرد و هەرچییەك بە دوور و نزیك پەیوەندی بە شـــانۆوە هەبوو دەمخوێندەوە و سەرنجەکانیشم لە دەفتەرەکەمدا دەنووسییەوە، هەر شتێکیش گرفتبووایە، لە مامۆستاکەم (ئەسعەد عەبدولرەزاق) دەپرسی و روونی دەکردەوە و رای لەسەر دەردەبڕی.

هێندەی نەبرد، ئەو خانووەمـــان چۆڵکرد و چووینە(حەیدەرخانە) ئـــەو گەڕەکە پێیان دەگوت(جدید حەســـەن پاشـــا) شـــەوانە پاش خوێندنەوە،درەنگ وەختانێ، دەچووین بۆ دوکانی شەربەت فرۆشی (حاجـــی زبالە) کە زۆربەتام بوو، زۆر لـــە مێژبوو هەبوو، بە پێنج خولەك دەگەیشـــتین، ئەو کاتانەش فرکو هـــووڕی ئۆتۆمبیل کەم دەبوو، وەك شـــەقامە کە وچانی بۆ بدات، سەر و پەرداخ شەربەتی مێوژی نایابمان وەردەگرت لەگەڵ سەمونێکی ئەسمەر، بەتامترین خواردنمـــان بوو، رێك بەڕیـــز لە قەراغی شۆســـتەکە بە کەماڵی ئیســـراحەت لێی دادەنیشتین و شامان بە ســـەپان رانەدەگرت،هەر یەکەمـــان ئەرکێکی دەبینـــی، لە ژوورەکەی ئێمـــەدا، من و کاك ئەکرەم و کاك عوســـمان و کاك هیوا حەمە عەلی بووین، لە ژووری سەریشەوە کاك جەمال رەسوڵ کە پرۆفیسۆرێکی مەزنە و کاکە وریا محێدین کە ئەویش بە رۆژ فەرمانبەر بوو شـــەوانە مافی دەخوێند، ئەرکی من کڕینی ســـەموونی بەرچایی بوو، برادەرێکیش چێشتی لێ دەناو و ئەوانی دیکە چایان لێ دەنا و قاپەکانیان دەشت، کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد.

بـــەرە بەرە ســـەرقاڵی خوێندن بووین، ئاکادیمیە دەســـتی کرد بە کارکردن لە بەرهەمی ساڵانە، کە مامۆستاکان کاریان تیادەکرد، هەر یەکەیان ئەرکێ، ئەمە دیکۆرە و ئەوە رووناکی و پۆشاك و مۆسیقا و ئارایشت.. دەرهێنانی شانۆییە کە لە ئەستۆی مامۆستام (د. سامی عەبدولحەمید)، بوو، رۆڵە ســـەرەکییەکانیان بە قوتابیانی قۆناغی چوار و سێ دەدا، ئێمەش دەبووینە(کۆمبارس)یان (کۆرس).

شـــانۆییەکە، شـــانۆیی (ئیمپراتۆرجۆنز) بوو، کە (یۆجین ئۆنیل لە ســـاڵی (١٩٢٠) نووســـیویەتی و لەســـەر شـــێوازی دەربڕییە( Expression ism)، کە لە بنچینەوە بزاڤێکی شۆڕشگێڕییە دژ بە قوتابخانەی سروشتی(Naturalism)، کە نوقم بوونە لە ریالیزم دا، هەروەها بەردەوامییەکی هاوتەریبانەی رێبازی سروشتییە لە فەلســـەفەدا، ئەم رێبازە ســـەرەتا لە وڵاتی ئەڵمانیا سەریهەڵدا، لەوێشـــەوە بە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا گەیشت و تەشەنەی کرد و، بووە مایە سەرهەڵدانی چەشنەها رێبازی دیکەی نوێ.

ئەم شـــانۆییەی (ئیمپراتۆرجۆنز) ە، ســـەربووردەی دیکتاتۆرێکی زنجی باس دەکات، کە لە دەســـت گەلەکەی هەڵدێت، کە هەمیشە بە ئازار و ئەشـــکەنجەدان سەرکوتی کردوون،(ئۆنیل) بابەتەکەی لە مێژووی (هایتی )یەوە خواستووە و ئیلهامبەخشی بووە.

من(کومبارس) بووم، رۆژانە لە ســـەعات سێ -وە، هەتا شەشی ئێـــوارە پرۆڤەدەکرا، کاتی نواندنی هات، لە شـــانۆی (ئەلخولد)بوو، مـــن زنجییەك بووم، بـــەر لەوەی بەرگی زنجی بپۆشـــم بانگکرام بۆ ئارایشـــت، خوالێخۆشـــبوو(حاجی ناجی ئەلراوی ) کە پسپۆری ئارایشـــتی سینەمایی بوو، خوێندنی باڵای لە(رۆما ) تەواوکردبوو، لە هەمان کاتدا ئەندامی تیپی شانۆی (ئەلزبانییە) بوو کە گەلێك لە هونەرمەندە رابەرەکان ئەندامی ئەو تیپە بوون، هەروەها گۆرانیبێژی گـــەورەی عێراقی (نازم ئەلغەزالی ) کە دەرچووی بەشـــی نواندنی پەیمانگەی هونـــەرە جوانەکانی بەغداد بوو، ئەندامی ئەو تیپەبوو، لە چەند بەرهەمێکا گۆرانی وتبوو، ئیتر لەسەر داوای هاوەڵەکانی رووی لە رادیۆکـــرد و بە گەورەتریـــن گۆرانیبێژی رۆژگارەکەی ناســـرا، نەك لەســـەر ئاستی عێراق بەڵکو لەســـەر هەموو وڵاتانی عـــەرەب ، کاتێکیش ســـاڵی (١٩٥٦) تەلەفزیۆنی عێراق، لەلایەن (فەیسەڵ پاشای دووەمەوە) کرایەوە، کە یەکەم تەلەفزیۆنی عەرەبی و ناوچەکەبوو، ئەو هونەرمەندە لەو بۆنەیەدا گۆرانی وت.